نزای: (اللهم إني أعوذ بك مِنَ البَرَصِ، والجُنُونِ، والجُذَامِ، وَسَيِّيءِ الأسْقَامِ)

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: «اللهم إني أعوذ بك مِنَ البَرَصِ، والجُنُونِ، والجُذَامِ، وَسَيِّيءِ الأسْقَامِ»، واتە: «خودایە، پەنات پێدەگرم لە بەڵەکی، وشتێت بوون، وگولی، ولە هەموو نەخۆشیە زیانبەخشەکان».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لە فەرموودەکەدا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنا بە خوای گەورە دەگرێت لە چەند نەخۆشییەکی دیاریکراو، وئەمیش مەترسی ئەم نەخۆشیانە وشوێنەواری خراپیان دەردەخات، وپاشان داوای سەلامەت بوونی کرد لە زیان وخراپەی هەموو نەخۆشیەکان، ئەم فەرموودەیە: تایبەتکردن وگشتگیرکردنی تێدایە، فەرمووی: (اللهم إني أعوذ بك مِنَ البَرَصِ، واتە: خودایە، پەنات پێدەگرم لە بەڵەکی): وئەمیش نەخۆشیەکە وەکو پەڵەی سپی لەسەر پێست دەردەکەوێت، دەبێتە هۆی دووربوونەوەی مرۆڤەکان لە کەسی توشبوو، ودەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ تووشی گۆشەگیری بێت، ولەوەیە ببێتە هۆی تووڕەبوون وناڕەزای پرین بەرامبەر قەزا وقەدەر، پەنا بە خودا، بێگومان ئەمە تاقیکردنەوەیە وپێویستە مرۆڤ ئارام بگرێت. (والجنون، واتە: لە شێت بوون): ئەمیش بریتیە لە لەدەستدانی ئەقڵ، بوونی ئەقڵ هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ شیاو بێت بۆ ئەنجامدانی واجب وئەرکە ئاینیەکان وبە هۆی ئەقڵەوە مرۆڤ خودا دەپەرستێت، وبیر دەکاتەوە لە بوونەوەرەکان ودروستکراوەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، لەدەستدانی ئەقڵ واتە لەدەستدانی ئەو مرۆڤە. (والجذام، واتە: لە گولی): کە ئەمیش نەخۆشیەکە کە ئەندامەکان دەخورێن وهەتا دەکەون یان نامێنن -پەنا بە خودا-. (وسيئ الأسقام، واتە: ولە هەموو نەخۆشیە زیانبەخشەکان): واتە نەخۆشیە خراپ وزیانبەخشەکان، ئەمیش ئەو نەخۆشیانەیە کە نیشانەی بێ توانایین وکەسی توشبوو وا هەستدەکات زۆربەی خەڵکی لێی دوورددەکەونەوە وەکو نەخۆشیە گوێزەرەوەکان وکوێری وشەل بوون وشێرپەنجە وجگە لەمانە، وئەم نەخۆشیانە پێویستی بە خەرجی دارایی زۆر هەیە، وپێویستی بە سەبر وئارامگرتنێکی زۆر هەیە وتەنها ئەوانە دەتوانن ئارام بگرن لەسەر ئەم نەخۆشیانە کە خوای گەورە سەبر وئارامی پێ بەخشیون ودڵیانی بەهێز کردووە بەرامبەر ئەم تاقیکردنەوانە کە بێگومان هەمووی هۆکاری خێرن بۆ بەندە. ولێرەدا نیشانەی مەزنی ئەم ئاینە دەردەکەوێت کە گرنگی دەدات بە پاراستنی ئاینی مسوڵمان وهەروەها گرنگی بە پاراستنی لاشەی مسوڵمان دەدات جا لە ڕێگای نزا وپاڕانەوە وقورئان خوێندن وهۆکارە شەرعیەکان بێت یان لە ڕێگای بەکارهێنانی دەرمان وچارەسەرە ڕێگاپێدراوەکان بێت، وپێویستە مسوڵمان هۆکارە شەرعیەکان وەکو نزا وقورئان خوێندن وهۆکارە شەرعیەکان بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردن، ولە هەمان کاتدا بەکارهێنانی هۆکارە مادیەکانیش بگرێتە بەر وەکو بەکارهێنانی دەرمان وچارەسەرەکان وئەمیش هیچ پێچەوانەی تەوەکول وپشت بەستن نیە بە خوای گەورە بەڵکو بەکارهێنانی هۆکارەکان پاش پشت بەستن (تەوەکول) وداوای کردن لە خوای گەورە یەکێکە لە خاڵە داواکراوەکان بۆ لابردنی ناخۆشی ونەخۆشیەکان لە شەریعەتی ئیسلامدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6047